کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# بانگەوایێک لە ماڵپەڕی دەروونناسیەوە

## www.derunnasy.com

ماڵپەڕی دەروونناسی ماڵپەڕێکی زانستیە لەبورای دەرووناسیدا ، تیایدا چەندین پسپۆری ئەم بوارە ، وەک مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکان ، پزیشکە دەروونیەکان ، توێژەرانی دەروونی ، بابەت و بیروڕاکانیان بڵاودەکەنەوە . ئەم ماڵپەڕە ڕۆژی 2007/ 08/ 01 دەستی کردووە بەبڵاوکردنەوەی بابەتەکانی ، ئەگەرچی هێشتا کاری پێویستی ماوە تیایدا بکرێت ، بەڵام بەڵێن ئەدەین بەم نزیکانە کەلێنەکان پڕبکەینەوە و زیاتر گەشەی پێبدەین . هەربۆیە بەڕێوەبەرایەتی ئەم ماڵپەڕە داوا لەسەرجەم پسپۆرانی ئەم بوارە دەکات بە بابەت و نووسینەکانیان پشتگیری ئەم پرۆژەیە بکەن بۆ خزمەتی خوێنەری کورد ، هەروەها ئەو بەڕێزانەی کە پسپۆری ئەم بوارە نین بەڵام شارەزایی یان توانای وەرگێڕانیان هەیە لە زمانە جیاجیاکانەوە بۆ زمانی شیرینی کوردی بەهەمان شێوە دەتوانن بەرهەمەکانیان بنێرن بۆ ماڵپەڕەکەمان بەمەرجێ بابەتەکان لەچوارچێوەی زانستی سایکۆلۆژیادا بێت و مەرجی بڵاوکردنەوەی تیادا بێت .

ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی زانستی خۆبەخشانەیە لەپێناو پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە زانستیەی لەم بوارەدا وەک کورد هەمان بووە و بڵاوکردنەوەی هۆشیاریەکی دەروونی لەگشت بوارەکانی دەروونناسیدا هەروەها هاوکاری کردن و ڕێنمایی کردنی ئەو کەسانەی کێشە و گرفتی دەروونیان هەیە ، هاتۆتە ئاراوە . ڕێگای هەزاران میل بەهەنگاوێک دەست پێدەکات ، بەئومێدی کەڵک و سوود گەیاندن بە کوردستانیانی خۆشەویست لەهەر کوێیەکی ئەم گەردوونەدا بن .

بەڕێوەبەری ماڵپەڕ
توێژەری دەروونی
سامان سیوەیلی
s.siwaily@gmail.com
info@derunnasy.com